# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمارە ٦٤ – ٢٠٢٥
گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە

سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەنی ئیمتیازی گۆڤار
حەمەسەعید حەسەن

سەرنووسەر
پ. د. موحسین ئەحمەد عومەر

بەڕێوەبەری نووسین
د. پەخشان فەهمی فەرحۆ

دەستەی نووسەران:
پ. د. قەیس کاکل تۆفیق
پ. د. بەختیار سەجادی
پ. د. فەرهاد قادر کەریم
پ. ی. د. ئەحمەد موحەممەد مام عوسمان
پ. ی. د. عەبدولواحید ئیدریس شەریف
پ. ی. د. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد
د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد

دەستەی ڕاوێژکاران:
پ. د. میشێل لێزەنبێرگ
پ. د. مارتن ڤان برونسن
پ. د. جەلیلی جەلیل
پ. د. ساڵح ئاکین
پ. د. جەعفەر شێخولئیسلامی
پ. د. عەبدولڕەحمان ئەداک
پ. د. هاشم ئەحمەدزادە

هەولێر/ شەقامی هەڵەبجە
ISSN: 2520- 4106
Web: journal.ka.gov.krd

گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، گۆڤارێکی زانستیی وەرزییە، لەلایەن ئەکادیمیای کوردییەوە دەردەکرێت و بایەخ بە توێژینەوەی کوردی لە بوارەکانی زمان، ئەدەب، دیرۆک، جوگرافیا و کولتووریی کوردی دەدات.
گۆڤارەکە توێژینەوەکان بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی بڵاو دەکاتەوە و یەکەم ژمارەی لە ساڵی ٢٠٠٢دا بڵاو بووەتەوە.
ئەم گۆڤارە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستی باوەڕپێکراوە.

z


* ڕێکخەری کاروباری گۆڤار: ئیمان نەجات ئاغۆک
* دیزاین: هەرێم عوسمان


* ماڵپەڕی گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی:
Web: journal.ka.gov.krd
* ئیمێڵ: journal@ka.gov.krd
* مۆبایل: 009647508375575

# بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد
# لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی
# لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا

**م.ی احمد جمال حمەکریم**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب و هونەر،
زانکۆی جیهان، هەولێر
ahmed.jamal@cihanuniversity.edu.iq

**پ.ی هەردەوان محمود کاکەشیخ**
بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب،
زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر
hardawan@su.edu.krd

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دۆزینەوەی ڕێگەچارەی تەکنەلۆژی لە ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا بەسوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد Artificial Intelligence[1] ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە، خستنەڕووی لایەنە گرنگەکانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکردە کە دەتوانن ڕۆڵێکی کاریگەر لە شیکردنەوە و پۆلێنکردنی ناوەڕۆک و دەستنیشانکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیاییدا بگێڕن. لە سەردەمی ئێستادا، گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆی ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو ببێتە کێشەیەکی جیهانی و نێوخۆیی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر جووڵەی بازاڕ و لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی بەکارهێنەران هەیە. توێژینەوەی بەردەست بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ سامپڵێکی مەبەستدار لە بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولی ژیریی دەستکرد«AI)، هەروەها

---

١ لە زمانی کوردییدا «Artificial Intelleginc ) بە چەند زاراوەیەک هاتووە، وەک «زیرەکیی دەستکرد، هۆشیی دەستکرد، ژیریی دەستکرد) ئێمە دەستەواژەی «ژیریی دەستکرد) مان پێ گونجاوترە چونکە ئێستا ئامێرەکان و ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد توانای فێربوون، بیرکردنەوە، شیکردنەوە، لێکدانەوە، تەنانەت توانای بڕیاردان و خۆنوێکردنەوەشیان هەیە، بۆیە قۆناغی زیرەکییان تێپەڕاندووە و ئێستا دەتوانین بڵێین گەیشتوونەتە ئاستی ژیریی، ئەمەش لە چەندین سەرچاوەی زانستی و توێژینەوەی نوێدا پشتگیری کراوە.

لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، هەوڵی دۆزینەوە و شیکردنەوەی ئەو ڕێکار و تەکنیکانە دەدات، کە دەکرێت وەک ئامرازێکی کاریگەر لە ناسینەوە و پۆلێنکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی نادرووستی میدیاییدا بەکاربهێنرێن. لە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە توێژەران پێیگەیشتوون، زۆربەی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان پشت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد نابەستن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، ئەمەش بەهۆی بەردەستنەبوونی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردە بۆ زمانی کوردی.

کلیلەوشەکان: ژیریی دەستکرد، تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، ناسینەوە، ساختەهەواڵ، ناوەڕۆکی میدیایی، ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو.

## پێشەکی

لە سەردەمی ئێستادا، بەهۆی گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیای پەیوەندیکردن و فراوانبوونی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دیاردەی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و زانیاریی هەڵە بووەتە یەکێک لە گەورەترین ئاستەنگەکانی بەردەم میدیای نوێ. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی بەرچاو کاریگەری لەسەر بڕیاردان و هەڵوێستی تاکەکانی کۆمەڵگا درووست کردووە و زۆرجار دەبێتە هۆی درووستبوونی قەیران و کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابووری.

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، پێشکەوتنی بەرچاو لە بواری تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرددا ڕوویداوە، کە دەرفەتێکی نوێی خستووەتە بەردەم میدیاکاران و دامەزراوە میدیاییەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە. تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، بەتایبەتی لە بواری شیکردنەوەی داتا و ناسینەوەی زانیاری ناڕاست و دەستکاریکراو، توانایەکی بەرچاویان لە دۆزینەوە و پۆلێنکردنی ناوەڕۆکی میدیاییدا هەیە.گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات میکانیزمە سەرەکییەکانی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ناسینەوەی ساختەهەواڵدا شی بکاتەوە و ڕێگەچارەی کردەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بخاتە ڕوو. هەروەها، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەی کە لە بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانەدا هەن لە میدیای کوردییدا.

پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و ئاڵۆزتربوونی شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ساختەهەواڵ، پێویستی بە توێژینەوەی زانستی و پراکتیکی لەم بوارەدا زیاتر کردووە. لە کاتێکدا کە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو هەنگاوی گەورەیان لە بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد بۆ پاراستنی کوالێتی زانیاری ناوە، پێویستە میدیای کوردییش هەنگاوی هاوشێوە بنێت.

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولی ژیریی دەستکرد و هەروەها لەگەڵ پسپۆڕان و شارەزایانی بواری ژیریی دەستکرد، هەوڵی دۆزینەوەی باشترین ڕێگەکانی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد دەدات لە ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵدا. ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانن یارمەتیدەر بن بۆ دامەزراوە میدیاییەکان و ڕۆژنامەنووسان لە باشترکردنی کوالێتی کارەکانیان و پاراستنی متمانەی جەماوەر.

هەروەها، گرنگی توێژینەوەکە لە کاتێکدایە کە دەتوانێت ببێتە سەرەتایەک بۆ توێژینەوەی زیاتر لەم بوارەدا و هاندانی پسپۆڕان و ئەکادیمیستان بۆ قووڵبوونەوە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری میدیادا. ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی پیشەی ڕۆژنامەوانی و پاراستنی بەها پیشەییەکانی.

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە زیادبوونی بەرچاوی بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و زانیاری هەڵە لە میدیای نوێدا سەرچاوە دەگرێت. سەرەڕای بوونی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد، هێشتا نەبوونی سیستەمێکی کاریگەر بۆ ناسینەوە و بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیە بووەتە هۆی درووستبوونی کێشەی متمانە لە نێوان میدیا و وەرگردا. هەروەها نەبوونی تێگەیشتنێکی قووڵ لە چۆنیەتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە هەوڵ دەدات تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد شیکردنەوە بکات کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی ساختەی میدیایی. ئەمە دەتوانێت ڕێگە بگرێت لە بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵەکان و کاریگەرییە نەرێنیەکانییان لەسەر کۆمەڵ. ئامانجەکانی ئەیەم توێژینەوەی بریتین لە: شیکردنەوەی تەکنیکە سەرەکییەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا. هەڵسەنگاندنی کاریگەریی ئەم تەکنەلۆژیایە لەسەر پیشەی ڕۆژنامەوانی. دەستنیشانکردنی ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانە. پێشکەشکردنی ڕێکاری کردەیی بۆ باشترکردنی کوالێتی ناوەڕۆکی میدیایی. دانانی چوارچێوەیەکی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد لە میدیای کوردییدا.

ئەو پرسیارانەی لەم توێژینەوەیە دەخرێنە ڕوو ئەمانەن: چۆن دەتوانرێت تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بەکاربهێنرێن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی ساختەی میدیایی؟ ئەم تەکنیکانە چەندە کاریگەرن لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا؟ پێداویستییەکان و ئاستەنگەکانی بەکارهێنانی ئەم تەکنیکانە چین؟ پێداویستییەکان و ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم تەکنیکانە لە میدیای کوردییدا کامانەن؟ چۆن دەکرێت ئەم تەکنیکانە لەگەڵ سرووشتی میدیای کوردیدا بگونجێنرێن؟

کۆمەڵگە و نموونەکانی ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە هەموو بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان. بەهۆی سروشت و تایبەتمەندێتی بواری توێژینەوەکە، توێژەران سامپڵێکی مەبەستداریان هەڵبژاردووە کە لە سێ گرووپ پێکهاتووە:

١- بەرپرسانی ژووری هەواڵ لە «٦» کەناڵی ئاسمانیی هەواڵی لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی.

٢- پێنج ڕۆژنامەنووسی بەشدار لە خولی زانیاریی چەوتی مەبەستدار-درووستکراوی ژیریی دەستکرد.

٣- دوو پسپۆڕی بواری بەرنامە «ئەپلیکەیشنەکان»ی ژیریی دەستکرد. توێژەران ئەم سامپڵەیان دەستنیشانکردووە تاوەکو بتوانن داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە، ڕاستەوخۆ لە کەسانی شارەزا و پەیوەندیدار کۆبکەنەوە، شیکردنەوەیان بۆ بکەن و ئەنجامەکان بخەنەڕوو.

## پێشینەی توێژینەوە:

لەم بارەیەوە چەند سەرچاوەیەکمان هەن کە پێشتر نووسراون و بڵاوکراونەتەوە، لەوانە: گەشاو عەلی فەرەج، ئاشنا شەوکەت هادی، ژاڵە جەمیل حمد»(٢٠٢٤): توێژینەوەیەکیان بەناونیشانی «ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا) پێشکەشی گۆڤاری توێژەر کراوە لە زانکۆی سۆران لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەکە لە جۆری وەسفییە و لەڕێگەی بەکارهێنانی میتۆدی ڕاپیوی ئەنجامدراوە. ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە زانینی ڕۆڵ و کاریگەریی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوە و ئاشکراکردنی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست و چۆنێتیی سوودوەرگرتن لە ژیریی دەستکرد لەو جیاکردنەوەیەدا .توێژینەوەکە گەیشتووەتە ئەو ئەنجامەی کە میدیای کوردیی وەک پێویست سوودی لە ژیریی دەستکرد وەرنەگرتووە بۆ جیاکردنەوەی هەواڵی ناڕاست لە هەواڵی ڕاست.

توێژینەوەی دووەم لە نووسینی دانا ئەبوبەکر ساڵح، ڕێبوار مەلا نەبی «٢٠٢٣)ە، بەناونیشانی «دۆزینەوەی ساختەهەواڵی کوردی لەسەر بنەمای ڕێبازەکانی فێربوونی ئامێر) «Kurdish Fake News Detection Based on Machine Learning Approaches) پێشکەش بە گۆڤاری پاسەر کراوە لە زانکۆی گەرمیان. لە توێژینەوەکەدا، توێژەران «مۆدێلی پۆلێنکردنی سەرپەرشتیکراو- (supervised classification models)یان لەسەر کۆمەڵە داتا عەرەبییە بەردەستەکانی گشتی بەکارهێناوە بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ لە تویتەکانی عەرەبی بە بەکارهێنانی «فێربوونی ئامێر-(Machine Learning). ئامانجی توێژینەوەکە بریتییە لە دروستکردنی پۆلێنکەرێکی دووانەیی کە بتوانێت هەواڵێکی دیاریکراو وەک «ڕاست» یان «ساختە» دەستنیشان بکات و خەمڵاندنی ئەگەریی پێشکەش بکات. ئەنجامی توێژینەوەکە دەریدەخات کە بە بەکارهێنانی شێوازەکانی machine learning و بەتایبەتی Convolutional Neural Networks “CNN)، دەتوانرێت بە وردبینییەکی بەرزتر هەواڵی ساختە بە زمانی کوردی بناسرێتەوە و جیا بکرێتەوە لە هەواڵی ڕاست.

توێژەران لە هەردوو لایەنی تیۆری و پراکتیکی سوودیان لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە لەڕووی داڕشتنی ناوەڕۆک و تەوەرەکانی توێژینەوەکەوە. خاڵی هاوبەشی لەنێوان ئەم توێژینەوەیە و توێژینەوەکانی پێشوودا، بریتییە لە گۆڕاوی توێژینەوەکە، کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکردە بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ لە میدیای کوردییدا. خاڵی جیاوازی ئەم توێژینەوەیە لە دوو توێژینەوەکەی پێشوو، ڕێبازی ئەنجامدانی توێژینەوەکەیە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ «فۆکەس گرووپ) دەبەستێت بۆ کۆکردنەوەی داتاکان، کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانی ژوورەکانی هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییەکوردییەکان و ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ، هەروەها لەگەڵ پسپۆڕانی زیرەکی دەستکرد ئەنجامدراوە. لەگەڵ ئەم گرووپانەدا گفتوگۆی قووڵ کراوە سەبارەت بە شێوازەکانی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لە میدیای کوردیدا. هەروەها بە شێوەیەکی وردتر، ئەو ئاستەنگ و ئاڵنگارییانە شیکراونەتەوە کە لەکاتی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ دێنە پێش ڕۆژنامەنووسان.

## کلیلەوشەکان:

- ژیریی دەستکرد: مەبەست لە ژیریی دەستکرد ئەو تەکنەلۆژیاییە کە وادەکا کۆمپیوتەر و ئامێرەکان هاوشێوەی مرۆڤەکان لێ بکات، کە بتوانن فێرببن، تێبگەن، بیربکەنەوە و دواجاریش توانای بڕیاردانیان هەبێت.

- تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد: مەبەستمان لێی هەموو ئەو ئامراز و تەکنیکانەیە کە بەکاردێن بۆ ناسینەوەی ناوەڕۆکی میدیایی و ساختەهەواڵ.

- ناسینەوە: مەبەستمان لە توانای ئامرازەکانی ژیریی دەستکردە لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی.

- ساختەهەواڵ: مەبەست لە هەموو ئەو هەواڵ و ڕووداوانەیە کە زانیاریی ناڕاست و شێویندراو لەخۆدەگرێت.

- ناوەڕۆکی میدیایی: ئاماژەیە بۆ جۆرە جیاوازەکانی زانیاری و کات بەسەربردن کە لە ڕێگەی کەناڵەکانی پەیوەندییەوە بەرهەم دەهێنرێن و دابەش دەکرێن. ئەمەش دەق، دەنگ، وێنە و ڤیدیۆ دەگرێتەوە کە لە ڕێگەی پلاتفۆرمەکانی وەک تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە و ئینتەرنێتەوە بڵاودەکرێنەوە.

- ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو: جۆرێکە لە ناوەڕۆکی ساختە «وێنە، ڤیدیۆ، یان دەنگ) کە وا دەردەکەوێت وەک ڕاستیی بێت، بەڵام لە ڕاستییدا شێویندراوە یان ساختەیە.

## ١- تیۆرییانە «تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد و ساختەهەواڵ)

### ١-١. تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد

تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد "AI) ڕێگا و ئەلگۆریتمەکانن کە یارمەتی ئامێرەکان دەدەن ئەرکەکانی وەک فێربوون، بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان ئەنجام بدەن. ئەم تەکنیکانە ڕێگە بە سیستەمی AI دەدەن کە زانیارییەکان پرۆسێس بکەن و نەخشەکان بناسن و بڕیار بدەن. «geeksforgeeks.org, 2024).

لەگەڵ پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیای میدیا، ئەوە ڕوون بووەتەوە کە بەکارهێنانی ژیریی دەستکرد "AI) چەندین بوار دەگرێتەوە و بووەتە ڕاستییەکی واقعی. یەکخستنی ژیریی دەستکرد لەگەڵ ئامرازەکانی نووسین، دەستکاریی نووسین و بەرهەمهێنان بەشێوەیەکی بنەڕەتی شێوازی درووستکردن و گەیاندنی زانیاری، هەواڵ و ناوەڕۆک بۆ بینەران دەگۆڕێت. «Hajli, Saeed, Tajvidi, Shirazi, 2021).

تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد "AI) یارمەتی ڕۆژنامەنووسان، هەواڵسازان و پەیامنێران دەدەن بۆ باشترکردنی کارایی و کاریگەرییان، بەوەی کە پرۆسەی نووسین و درووستکردنی ناوەڕۆک ئاسانتر دەکەن. سەرەڕای ئەوەی کە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد دەتوانن خۆیان ناوەڕۆک درووست بکەن و کات و سەرچاوەکەی دیاریی بکەن، بەڵام پێویستە لەلایەن ڕۆژنامەنووسان، هەواڵسازان و بڵاوکەرەوەکانەوە پشکنین و ڕاستکردنەوەی بۆ بکرێت بۆ دڵنیابوون لە درووستی و جۆرایەتی ناوەڕۆکەکە. «He, Zhan, Qi, 2023).

بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای ژیریی دەستکرد "AI) چەندین کێشە و نیگەرانی درووست دەکات. لەوانەیە تاکەکان و دامەزراوەکان بە تەواوی قەبوڵی نەکەن، هەروەها نیگەرانیی ئەوە هەیە لەسەر ئەوەی کە لەوانەیە ژیریی دەستکرد زانیاری ناڕاست یان هەڵە پێشکەش بکات، کە ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە لە بەکارهێنانی زانیارییەکان بەشێوەیەکی ورد و درووست. «influencermarketinghub.com).

### ١-٢. تەکنیکە باوەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو

ژیریی دەستکرد «AI) چەندین تەکنیک لەخۆدەگرێت کە وا دەکات ئامێرەکان لاسایی ژیریی مرۆڤ بکەنەوە، ئەمەش ئاسانکاری بۆ ئەرکەکانی وەک فێربوون، بیرکردنەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان دەکات، لەم تەوەرەیەدا تەکنیکە باوەکانی ژیریی دەستکرد دەخەینەڕوو کە لە دۆزینەوەی ساختەهەواڵ بەکاردەهێندرێن:

### ١-٣. فێربوونی ئامێر «Machine Learning ML)

فێربوونی ئامێر «ML) لقێکی ژیریی دەستکردە کە یارمەتی کۆمپیوتەرەکان دەدات لە داتاکانەوە فێربن و کارابییەکانیان باشتر بکەن بەبێ ئەوەی پێویست بکات ڕاستەوخۆ بەرنامەی بۆ دابنرێت. کۆمپیوتەر لەبری ئەوەی ڕێنماییە جێگیرەکان جێبەجێ بکات، نەخشەکانی ناو داتاکان شی دەکاتەوە و خۆی ڕێکدەخات بۆ ئەوەی بە تێپەڕبوونی کات بڕیاری باشتر بدات. «Bishop,2006).

ئامێری فێربوو ئەو ڕێگایەیە کە زۆرێک لە سیستمی ژیریی دەستکردی مۆدێرن بەکاری دەهێنن. لەڕاستییدا زۆربەی ئەو ژیریی دەستکردانەی کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنین، لانیکەم لە بەشێکدا، پێدەچێت ئامێری فێربوو بەکاربهێنن بۆ ئەو ڕەفتارانەی کە وا لە سیستمەکە دەکەن زیرەک یان ژیر دەربکەوێت. «محمد نجم ٢٠٢٤: ٤١)

### ١-٤. پرۆسێسی زمانی سرووشتی «Natural Language Processing NLP).

پرۆسێسی زمانی سرووشتی «NLP) بەشێکە لە ژیریی دەستکرد کە یارمەتی کۆمپیوتەرەکان دەدات بۆ خوێندنەوە و تێگەیشتن و کارکردن لەگەڵ زمانی مرۆڤ.«Jurafsky, 2000) ئەم تەکنەلۆژیایە کارەکانی وەک جیاکردنەوەی نووسین، دۆزینەوەی زانیاری گرنگ، تێگەیشتن لە هەستەکان لە نووسین، وەرگێڕانی زمان، و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەگرێتەوە. توانای پرۆسێسکردنی زمانی سروشتی بەو مانایەیە کە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەتوانن ناوەڕۆک بە شێوەیەکی کاراتر بەرهەم بهێنن و بە شێوەیەکی کاریگەرتر بینەرەکانیان بکەنە ئامانج. «Chollet,2019).

### ١-٥. فێربوونی قووڵ «Deep Learning)

دیپ لێرنینگ ”Deep Learning) یاخود فێربوونی قووڵ، شێوازێکی بەهێزی ژیریی دەستکردە ”AI) کە بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی هەواڵە ساختەکان. ئەم تەکنیکە یارمەتی کۆمپیوتەر دەدات تا شێوازەکان لە ناو دەیتای زۆر دەستنیشان بکات، ئەمەش وا دەکات ئاسانتر بێت بۆ دۆزینەوەی زانیارییە ساختەکان. «Young, azarika, Poria, Cambria, 2018).

ئەم مۆدێلانە دەتوانن ئاڵۆزی و جیاوازییەکانی زمان لەبار بگرن و ئەو نیشانە بچووکانەی زمان دیاری بکەن کە جیاوازیی نێوان هەواڵە ڕاستەقینەکان و ساختەکان دەکەن. ئەم مۆدێلانە بە ڕاهێنانی تۆڕێکی دەماریی لەسەر دەیتایەکی گەورەی وتارە هەواڵییەکان کاردەکەن، کە هەریەکەیان نیشانەیەکی هەیە کە دەڵێت ئایا وتارەکە ڕاستە یان ساختە. «Chollet,2019).

## ١-٦. فێربوونی چاودێریکراو «Supervised Learning) .

فێربوونی چاودێریکراو «Supervised Learning) شێوازێکی ژیریی دەستکردە «AI) کە بۆ جیاکردنەوەی هەواڵە ساختەکان بە شێوازە جیاوازەکان بەکارهێنراوە. ئەم شێوازە بریتییە لە ڕاهێنانی مۆدێلێکی فێربوونی ئامێر لەسەر دەیتایەکی هەواڵەکان کە نیشانەیان پێدراوە و دابەشکراون بەسەر ڕاستەقینە و ساختە. مۆدێلەکە فێردەبێت شێوازەکان لە دەیتاکەدا دیاری بکات و ئەو شێوازانە بۆ هەواڵە نوێیەکان بەکاربهێنێت. «Ozbay, Altunbey, Alatas, 2020).

## ١-٧. ساختەهەواڵ و بڵاوبوونەوەی ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو

لە سەردەمی ئێستاماندا کە ئازادیی کاری ڕاگەیاندن هەیە، هەموو کەسێک دەتوانێت بەبێ فلتەر ڕا و بۆچوون و ناوەڕۆکی میدیایی بڵاوبکاتەوە، بەڵام ئەمە دیوێکی نەرێنیی هەیە کە بریتییە لە بڵاوبوونەوەی ڕێژەیەکی زۆری ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو.

هاوکات، ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی ناڕاست پرسێکی بەربڵاون لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، کە کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر تێڕوانینی خەڵک بۆ ڕاستی و متمانەپێکراوی لە میدیادا هەیە.

لەسەردەمی میدیای نوێدا، دەتوانرێت ساختە هەواڵ لەماوەی تەنها یەک چرکەدا بڵاوبکرێتەوە و تۆڕێکی ساختەهەواڵ لە سەرانسەری ئینتەرنێتدا دروست بکات، چونکە چەندین میدیا دەتوانن ڕووماڵی هەمان زانیاریی ساختە بکەن کە دواتر وەک ئەوەی لەلایەن چەندین سەرچاوەوە پشتڕاستکرابێتەوە دەردەکەوێت. «سەعید ٢٠٢٤).

لەبواری دیجیتاڵ میدیا، فەیک نیوز»ساختەهەواڵ) زۆرترین خوێنەری هەیە و سەرنجڕاکێشترین شێوە و جۆری هەواڵن لە جیهاندا. ئەمە لەکاتێکدایە کە سنووری ئازادیی بۆ دیارینەکراوە، چونکە سانسۆر و کۆنترۆڵکردنی ئاسان نییە. «عەزیز ٢٠٢٢: ١٦٠).

ساختەهەواڵ بەو بابەتانەی هەواڵ پێناسە دەکرێن کە بەمەبەست درووستکراون بۆ دەستکاریکردنی تێڕوانینەکانی خەڵک بۆ ڕاستی و ڕووداو و لێدوانە ڕاستەقینەکان. «Allcott, Gentzkow, Yu, 2019).

زۆرینەی وای لێتێگەیشتوون کە بەو واتایە دێت کە هەواڵەکە لە بناغەدا درۆ بێت، بەڵام سەرچاوەکان دەڵێن مەرج نییە هەواڵەکە لە بناغەدا هەمووی درۆ بێت، هێندەی ئەوەی یاری "تلاعب" بە ناوەڕۆکەکەی دەکرێت و دەشێوێندرێت، یان بەو چیرۆکە هەواڵانەی لەسەر ڕاستیی بناغە ناگرن ناودەبرێت، یان زانیارییەکە دەشێوێندرێت و دەستکاریی دەکرێت. «حەمەسەعید ٢٠٢٢: ٤٣)

تەکنەلۆژیا نوێیەکانی پەیوەندیکردن ئاسانکارییان کردووە لە بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی ساختەهەواڵ بەرێگەی نوێ، ئەمەش وا دەکات جیاکردنەوەی ئەوەی کە متمانە بە چ زانیارییەک بکرێت قورستر بێت. «Kalsnes, 2018).

هەواڵە ساختەکان تەکنەلۆژیا و سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی وەک ماڵپەری هەواڵیی درووست دەرکەون. پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر»ئێکس) ئاسانکاریی دەکەن بۆ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکان بەبێ ئەوەی کاتێک بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەخنەگرانە تەرخان بکەن. «Pen-nycook, Rand, 2021).

بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی سۆشیال میدیا نەیتوانیوە ڕەسەنایەتی هەواڵێک پشتڕاست بکاتەوە. ئەمەش وا دەکات کە

ئاسانکاری بکات بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆی بەرواڵەت ڕاستەقینە کە بە شێوەیەکی لێهاتووانە دەستکاری کراون. «Rampersad, Althiyabi, 2020).

لە لایەکی دیکەوە ناوەڕۆکی ساختە بریتییە لە ماددەیەکی بە ئەنقەست درووستکراو، لەوانە وێنە، ڤیدیۆ، یان وتارە دەستکاریکراوەکان، کە بۆ چەواشەکردن و فریودانی بینەر داڕێژراون. هەردوو فۆرمی ناوەڕۆک، هەرچەندە لە مەبەستدا جیاوازن، بەڵام بەشدارن لە پرسێکی گەورەتردا کە متمانە بە دامەزراوە جیاوازەکان دەشێوێنێت، لەوانەش میدیا و سیستەمی سیاسی. "Paul, 2024).

## ٨-١. ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە دیاریکردنی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیادا

ژیریی دەستکرد لەمڕۆدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی ناڕاست یان شێوێندراودا، ئەوەش لەڕێگەی بەکارهێنانی تەکنیکە جیاوازەکانییەوە، چونکە توانای شیکردنەوەی ژمارەیەکی زۆری لە داتا و زانیاری و دەستنیشانکردنی ئەو شێواز و ڕەوتانە هەیە کە ئاماژەن بۆ زانیاریی هەڵە.

فێربوونی ئامێر»Machine Learning) ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دۆزینەوەی ساختەهەواڵدا بەهۆی توانای شیکردنەوەی بڕێکی زۆر لە داتا و دەستنیشانکردنی ئەو شێواز و ڕەوتانەی کە ئاماژەن بۆ زانیاری هەڵە. «Otermin,Cabezuelo, 2023).

لەلایەکی دیکەوە، تەکنیکەکانی پرۆسێسی زمانی سرووشتی «NLP) سیستەمەکانی AI دەتوانن لە زمانی مرۆڤ تێبگەن و لێکبدەنەوە، ئەمەش ئاسانکاریی دەکات بۆ ناسینەوەی گێڕانەوەی فریودەرانە و ڕاپۆرتکردنی لایەنگری. «Otermin,Cabezuelo, 2023).

هەروەها ئەلگۆریتمەکانی ژیریی دەستکرد چاودێریی ڕەوتی سۆشیال میدیا دەکەن، هەژمارە گوماناوییەکان یاخود چالاکییەکانی بۆتەکان دەستنیشان دەکەن و شێوازەکانی بڵاوکردنەوە شیدەکەنەوە بۆ ئاشکراکردنی هەواڵە ساختە ئەگەرییەکان. دەتوانرێت میتۆدەکانی ژیریی دەستکرد لەسەر کۆمەڵە داتا گەورەکان ڕابهێندرێت بۆ ناسینەوەی نەخشەکانی تایبەت بە زانیاریی هەڵە. سەرەڕای ئەوە شیکاریی فیدباک و پێوەرەکانی بەشداریکردن دەکات بۆ پێوانەکردنی تێڕوانینی گشتی و دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی چەواشەکارانە لەڕێگەی یەکخستنی چەندین شێوازی ناوەڕۆکی هەواڵ، وەک: دەق، وێنە و ڤیدیۆ. «فەرەج، هادی، حمد، ٢٠٢٤).

سەرەڕای ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا، شارەزایانی ئەو بوارە پێیان وایە کە "هیچکەس ناتوانێت ١٠٠٪ پشت بە ژیریی دەستکرد ببەستێت، و ناشبێت بیبەستێت، چونکە کێشەت بۆ درووست دەکات، ژیریی دەستکرد وەک کارمەندێک وایە لەبەردەستی ڕۆژنامەنووسدا و پشکنیکەکانی ١٠٠٪ نییە، بەڵکو تەنها ئامرازێکی یارمەتیدەرە". «هێمن فاتیح ٢٠٢٥).

بە لەبەرچاوگرتنی گەشەسەندنی خێرای تەکنەلۆژیا، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە کاریگەری ژیریی دەستکرد لە بەرەنگاربوونەوەی ساختەهەواڵدا بەندە بە پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنەلۆژیا و کوالێتی ئەو زانیاریانەی کە بۆ ڕاهێنانی سستەمەکانی ژیریی دەستکرد بەکاردەهێنرێن. هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی تاکتیکەکانی ساختەهەواڵ، ژیریی

دەستکردیش دەبێت خۆی بگونجێنێت بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر ڕاستیی و درووستی زانیارییەکان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بپارێزێت.

## ٩-١. سنووردارbوونی بەردەم بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد

یەکێک لە سنووردارکردنە بەرچاوەکانی ژیریی دەستکرد «AI» لە ناسینەوەی ساختەهەواڵدا بیتواناییەتی لە تێگەیشتنێکی تەواو لە چوارچێوە و وردەکارییە کولتوورییەکان لەناو زمانی مرۆڤدا، کە ئەمە بۆ زمانی کوردیی تا ڕادەیەکی زۆر ڕاستە، بەو پێیەی "هیچ بەرنامەیەکی ژیریی دەستکردمان نییە بۆئەوەی تێکستێک بناسێتەوە کە بە زمانی کوردی نووسرابێت و دیاریی بکات کە ئایا ڕاستە یان ساختەیە" «هێمن فاتیح ٢٠٢٥).

ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان نیشانی دەدەن کە هەرچەندە کاریگەریی ژیریی دەستکرد بەهێزە لە ناوەندەکانی هەواڵدا و زۆرجار لە کاری مرۆڤ باشترە، بەڵام بوون و مانەوەی ڕۆژنامەنووسی هاوڵاتیی هێشتا زۆر گرنگە. ئەمەش بەهۆی سنووردارbوونی ژیریی دەستکردە لە تێگەیشتنی تەواوەتیی زمانی سروشتیی مرۆڤ، هەروەها ناتوانێت بەشێوەیەکی قووڵ ڕووداوەکانی ڕۆژانە شیکار بکات. «Salih, Nabi, 2024).

## ٢. کردەنینامە «لایەنی پراکتیکیی توێژینەوە،شیکردنەوەی چاوپێکەوتنی قووڵ لەگەڵ سامپڵی توێژینەوە)

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەران پشتیان بە ڕێبازی وەسفیی شیکاریی بەستووە و چاوپێکەوتنی قووڵیان وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکانی تایبەت بەلایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە بەکارهێناوە، ئەمەش یەکێکە لەو ڕێبازە زانستیی و بەکارهاتووانەی کە لە توێژینەوەکانی بواری میدیادا پشتی پێدەبەسترێت، لەبەر تایبەتمەندیتی بواری توێژینەوەکە توێژەران سامپڵێکی مەبەستداریان دەستنیشانکردووە، لەڕێگەی ئەنجامدانی فەوکەسگرووپ لەگەڵ سێ گرووپی پەیوەندیدار بە گۆڕاوی سەرەکیی توێژینەوەکە.

## ١-٢. ڕێکارەکانی دەستنیشانکردنی سامپڵی توێژینەوەکە:

دوای ئامادەکردنی گفتوگۆنامە»فۆرمی پرسیارەکانی چاوپێکەوتن) بۆ لایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە، توێژەران بۆ کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکان و خستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بەلایەنی پراکتیکیی توێژینەوەکە، پشتیان بە ڕێبازی چاوپێکەوتنی قووڵ بەستووە، کە ئەمەش یەکێکە لەو ڕێبازە زانستیی و بەکارهاتووانەی کە لە توێژینەوەکانی بواری میدیادا پشتی پێدەبەسترێت. بۆ گەیشتن بەئامانجی توێژینەوەکە توێژەران بەپێی تایبەتمەندیتی سامپڵی توێژینەوەکە، چاوپێکەوتنی سامپڵەکەیان بۆ «٣) گرووپ پۆلێنکردووە کە ئەوانیش بریتین لە:

– گرووپی بەرپرسی ژووری هەواڵ لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان لە هەردوو شاری هەولێر و سلێمانی، کە بریتین لە «٦) کەناڵی ئاسمانی هەواڵی کوردی، ئەوانیش هەریەک لە کەناڵەکانی «سپێدە، پەیام، ئاڤا، ڕووداو، کوردستان ٢٤، ئێن ئاڕ تی).

– گرووپی پسپۆڕ و شارەزایان لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، کە «٢) مامۆستای زانکۆ و شارەزا و پسپۆڕ لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکردن لە هەردوو زانکۆی تیشک و زانکۆی سەلاحەددین.

– گرووپی ڕۆژنامەنووسان، کە بریتین لە «٥)

ڕۆژنامەنووسی بەشداربوو لە «خولی زانیاریی چەوتی مەبەستدار-دروستکراوی ژیریی دەستکرد).

## ٢-٢. خستنەڕووی ئەنجامی گفتوگۆکان و شیکردنەوەیان:

یەکەم: بایەخ و گرنگی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لەڕوانگەی ڕۆژنامەنووسانەوە

بەمەبەستی زانینی بایەخ و گرنگی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ڕۆژنامەنووسان، تـوێـژەران لـە ئـەنـجـامـی ئـەو چاوپێکـەوتـنـە قـوولانـەی کـە بـەشـێـوەی فـەوکـەس گـرووپ لەگەڵ ڕۆژنامەنووسانیان کرد، ڕا و سەرنجی ڕۆژنامەنووسان بەمجۆرە بوو:

١. سەبارەت بە کەڵکوەرگرتن لە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد، ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە فەوکەس گرووپەکەدا، پێیان وایە ژیریی دەستکرد لـە سـەردەمـی ئـێـستادا بـووەتـە پێویستییەکی حەتمی بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسێک، باشتروایە ڕۆژنامەنووسان ئاشنایەتییان بەم تەکنیکانە هەبێت و بتوانن وەک ئامرازێک کەڵکی لێوەربگرن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شـێـوێـنـدراو. چـونـکـە بـەهـۆی پێشکەوتنەکانی تـەکـنـەلـۆژیـای گـەیـانـدن و کـەمیونیکـەیشـن، بڵاوبوونەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو بەشێوەیەکی بەرچاو ڕوو لە زیادبوونە، بۆیە ئەگەر ڕۆژنامەنووسان شارەزایی پێویستیان لەبارەی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد نەبێت لە ناسینەوەی ئەم ساختەهەواڵانەدا، ڕەنگە وەک هەواڵی درووست مامەڵەی لەگەڵ بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

٢. سـەبـارەت بـە ڕێـکـارەکـانـی فـێـربـوونـی بـەکارهـێـنـانـی تـەکـنیکـەکـانـی ژیـریـی دەسـتـکـرد لـە ناسـیـنـەوەی سـاختـەهـەواڵ، هـەمـوو سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەشداربوون لە خولی «زانیاریی چـەوتـی مـەبـەسـتـدار – دروسـتـکـراوی ژیـریی دەستکرد)، پێیان وایە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو، سەرەڕای جیاوازی ئەپڵیکەیشنەکان تاڕادەیەکی زۆر فێربوون و بەکارهێنانیان ئاسـانـە، بەوپێیەی لـەو مـاوەی بەشداری خولەکەیان کردووە، کە بریتیی بووە لە «٢٥ کاتژمێر ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی) زانیاریی تەواو و پێویستیان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ئـەم تەکنیکانە وەرگـرتـووە، بـەجـۆرێـک کـە بۆ کارکردنی ڕۆژانەیان دەتوانن لەڕێگەی ئەپەکانی ژیریی دەستکرد بەئاسانی پشکنین بۆ هـەواڵ و ناوەڕۆکە میدیاییەکان بکەن.

٣. سەبارەت بە بەربەست و ئاڵنگەرییەکانی بـەردەم ڕۆژنـامـەنـووسـان لـە بـەکـارهـێـنـانـی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرددا، زۆرینەی سامپڵی توێژینەوەکە پێیان وایە هیچ بەربەستێکی ئەوتۆ نەهاتووەتە پێش، چونکە پاش تەواوکردنی خولەکە سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی بەشداربوو لە خولەکە سەرکەوتووانە توانیویانە چەندین ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو لەڕێگەی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردەوە بناسنەوە، تەنها لە هەندێ حاڵەتدا ناسینەوەی ڤیدیۆی ساختەکراو ئەنجامەکان درووست نەبوون، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کاتێک ڤیدیۆیەک چەندبارە لە هەژمار و پەیجەکانەوە بڵاودەکرێتەوە، ناسینەوەی لەلایەن ئەپڵیکەیشنەکانەوە بە ڕادەیەکی بەرز نییە، هەربۆیە ئەمە وادەکات کە هەندێجار ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردیش ڤیدیۆی دەستکاریکراو نەناسنەوە.

## دووەم: گرنگیی بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ڕوانگەی ژووری هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە

بەمەبەستی زانینی ڕادەی پشتبەستنی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو، توێژەران لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنە قووڵانەی کە بەشێوەی فەوکەس گرووپ لەگەڵ ژووری هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانەوە کرد، ڕا و سەرنجی کەناڵەکان بەمجۆرە بوو: «زۆرینەی کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان تائێستاش پشت بە تەکنیک و ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد نابەستن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو)، هەرئەوەش وایکردووە زۆرجار کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکانیش لە پەیج و سۆشیاڵمیدیای کەناڵەکانیان دووچاری بڵاوکردنەوەی ئەمجۆرە هەواڵانە ببن، بەتایبەتی ئەگەر سەرچاوەی هەواڵەکە وەرگیراوبێت لە ئینتەرنێتەوە. بەووردبوونەوە لە وەڵامەکانی بەرپرسی ژووی هەواڵ لەکەناڵە ئاسمانییەکان، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی، کە بایەخنەدانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان بەئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە:

١. کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان هێشتا زانیاری پێویست و تەواویان لەبارەی بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد نییە بەتایبەت بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە زۆربەی کەناڵە کوردییەکان خولی ڕاهێنانیان نییە بۆ ڕۆژنامەنووسانی ژووری هەواڵ.

٢. هەندێ لە کەناڵە ئاسمانییەکان پێیان وایە بەکارهێنانی تەکنیک و ئەپڵەکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، تێچوون و خەرجی زۆری هەبێت و پێویستی بە پسپۆڕی و ژێرخانی تەکنیکی هەبێت کە لە کەناڵەکاندا بەردەست نییە.

٣. کەناڵە ئاسمانییەکان پێیان وایە کە بەدواداچوونی مرۆیی و هەڵسەنگاندنی سەرچاوەکانی هەواڵ گونجاوترن ڕێگایە بۆ دەستنیشانکردنی ساختەهەواڵ. هەندێ لە کەناڵەکانیش لە هەواڵەکانیاندا زیاتر پشت بە وێنە و ڤیدیۆی خۆیان دەبەستن یان لە سەرچاوە و ئاژانسە فەرمییەکانەوە وەریان دەگرن.

## سێهەم: بەکارهێنانی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد و ئاستی ورد و دروستیی و ئاڵنگەرییەکانیان لە ناسینەوە ساختەهەواڵدا

بەمەبەستی زانینی ئاستی ورد و دروستی»ئەکیوریسی) تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو و هەروەها بەردەستبوونیان لە هەرێمی کوردستاندا، توێژەران لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنە قووڵانەی کە لەگەڵ پسپۆڕانی بوارەکەدا ئەنجامیان دا، ڕا و سەرنجیان بەمجۆرە بوو:

١. سەبارەت بە ئاستی وردیی و دروستیی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراوەدا، دەبێ بزانین ئەو بابەتە میدیایە لە کام پۆلێندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە ڕادەی ناسینەوە لە هەر پۆلێنێکی ناوەڕۆکی میدیاییدا جیاوازە بە بەراورد بە پۆلینەکانی دیکە. ئەمەش پشت بەو داتایانە دەبەستێت کە ژیریی دەستکرد توانای ناسینەوە و ئەرشیفکردنی هەیە. بۆیە لە ناسینەوەی تێکستدا

هێشتا ئەپڵکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد ڕادەی ورد و دروستییان لە ئاستێکی باشدا نییە، چونکە شێوازی ڕێنووسی کوردی و لەیئاوتی بەکارهێنراو لە نووسینی دەقەکاندا بۆ زمانی کوردی جیاوازی زۆری تێدایە، بۆ نومونە هەندێ دامەزراوەی میدیایی وشەی»کاژێر) بەکاردەبەن لەبری وشەی»کاتژمێر)، یاخود بەکارهێنانی وشەی «هاونیشتیمانی) لەبری وشەی «هاوڵاتی)، ئەم جیاوازییە وادەکات ژیریی دەستکرد نەتوانێ بزانێت کە ئەو وشانە هەمان مانایان هەیە.

٢. سەبارەت بەو بابەتە میدیاییانەی کە بەشێوەی دەنگ بڵاودەبنەوە، ژیریی دەستکرد دەتوانێت دەنگی ساختە دروست بکات وەک خۆی، کە جیاکردنەوەیان لەلایەن مرۆڤەکان نزیک لە مەحاڵە، چونکە ئەم دەنگە ساختانە تەنها ژیریی دەستکرد دەتوانێت پشتڕاستی بکاتەوە ساختەیە یان نا. ئەمە بەو واتایە دێت کە ناتوانرێت لە ناسینەوەی ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا سەد لەسەد پشت بە ژیریی دەستکرد ببەستێت، چونکە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد وەک کارمەندێک وایە، پشکنیکەکانی ١٠٠٪ نییە بەڵکو تەنها ئامرازێکی یاریدەدەرە کە دەکرێت وەک هۆکارێک بۆ ناسینەوە سوودی لێوەربگرێت.

٣. سەبارەت بە بەردەستبوونی تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە دامەزراوە میدیاییەکاندا، توێژەران گەیشتنە ئەو ئەنجامەی هەندێک لە ئەپڵیکەیشنەکان بەخۆڕایی و بێبەرامبەر بەردەستن بۆ دامەزراوەکان و دەتوانن سوودی لێوەربگرن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا، جگە لەوەش چەند ڕێکخراوێکی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەوڵی دروستکردنی پلاتفۆرمێکی ژیریی دەستکردن بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێوێندراو، کە بەتەواوی پاڵپشتی لە زمانی کوردی دەکات و هەروەها بەکارهێنانی ئەو ئەپڵیکەیشنە بە ڕادەیەک ئاسان و سادەکراوەتەوە، کە هەم بۆ ئەوانەی خوێندەواریی باشی دیجیتاڵییان نییە، هەم بۆ ڕۆژنامەنووسان بەکەڵک بێت.

٤. سەبارەت بە گونجاندنی ئەم تەکنیکانەی ژیریی دەستکرد لەگەڵ کاری ڕۆژنامەوانی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکاندا، باشتروایە کەناڵە میدیاییەکان یەکجۆر لەیئاوت بەکاربێنن بۆ نووسینی دەقەکوردییەکان و هەروەها ئەو وشەجیاوازانەی کە هاومانان لە فەرهەنگ و ئینسایکلۆپیدیا دیجیتاڵییەکاندا داخڵ بکرێن تاوەکو ژیریی دەستکرد بتوانێ بەئاسانیی بیانناسێتەوە. ئەمەش وادەکات ڕێژەی ڕاست و دروستی ئەپڵیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد باشتر و باشتر بکات. چونکە ئاستی ڕاست و دروستیی ئەپڵیکەیشنەکانیش وابەستەیە بەو داتا و زانیارییانەی کە لە ڕێی مرۆڤەکانەوە دەدرێت بە ئامێرەکان.

## ٣- دەرەنجامەکان:

گرنگترین دەرەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

- سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە، کۆکن لەسەرئەوەی کە ژیریی دەستکرد «AI) بووەتە ئامرازێکی سەرەکی بۆ ڕۆژنامەگەریی مۆدێرن و پێیان وایە کە بڵاوبوونەوەی خێرای ساختەهەواڵ و دەستکاری ناوەڕۆکی میدیایی وا دەکات ژیریی دەستکرد شتێکی پێویست بێت.
- تەواوی بەشداربووان کۆکن لەگەڵ ئەوەی کە ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد زۆر کاریگەرن لە ناسینەوە و دیاریکردنی ناوەڕۆکی میدیایی و

ساختەهەواڵدا.

– سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە، کە بەشدارییان لە خولی "زانیاریی چەوتی مەبەستدار-دروستکراوی ژیریی دەستکرد" کردووە، جەختیان کردووەتەوە لەوەی کە ئامرازەکانی «AI) بۆ دیاریکردنی ساختەهەواڵ فێربوون و جێبەجێکردنیان بە پراکتیکی زۆرئاسانە و کاتێکی زۆری پێویست نییە.

– زۆرینەی ڕۆژنامەنووسان دوای تەواوکردنی خولەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو نەبوونەتەوە لە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی AI.

– زۆربەی کەناڵەئاسمانییەهەواڵییەکان، تاوەکو ئێستا پشت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد«AI) نابەستن بۆ دۆزینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو، ئەمەش بەهۆی بەردەست نەبوونی ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکردە بۆ زمانی کوردی.

– ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، هەندێجار ئەنجامەکانی ورد و درووست نیین سەبارەت بە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێویندراو، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی کیبۆردلایئاوتی جیاوازەوە درووست دەبێت لەلایەن ڕۆژنامەنووسان و هەروەها بەکارهێنانی وشەی جوارجۆر بۆ هەمان مەبەست وەک وشەی «کاتژمێر-کاژێر).

– پسپۆڕانی بواری ژیریی دەستکرد، کۆکن لەسەر ئەوەی کە ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد«AI)، وەک ئامرازێکی یارمەتیدەر پشتی پێدەبەسترێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێویندراو، نەک جێگرەوەیەکی تەواو، چونکە هیچ ئامرازێکی ژیریی دەستکرد گەرەنتی ئەنجامی بێکەموکوڕیی ناکات.

– بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو پێویستمان بە بوونی ئەپلیکەیشنێکە کە پاڵپشتی ئامرازەکانی ژیریی دەستکرد بکات، کە زۆرترین داتا و زانیاریی تێدا داخڵکرابێت، بۆئەوەی ئاستیی ئەکیوریسی «وردیی) بەرز بێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراودا.

## پێشنیار و ڕاسپاردەکان

– ئەنجامدانی توێژینەوەی زیاتر لەسەر درووستکردنی داتابەیسی کوردی بۆ فێربوونی ئامرازەکانی AI، بەتایبەتی بۆ ناسینەوەی ساختەهەواڵ.

– توێژینەوەکانی داهاتوو سەرنج بخەنە سەر باشترکردنی وردیی ئامرازەکانی AI لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ.

– پێشنیار دەکەین توێژەران لە ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیریی دەستکرد بکۆڵنەوە و زیاتر ئەو ئامرازانە بخەنەڕوو کە ئەکرێت پشتیان پێ ببەسترێت لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیاییدا.

– باشترە سەرجەم دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن بەشداری بە ڕۆژنامەنووسان و کارمەندانی ژووری هەواڵ بکەن لە ڕاهێنانی تایبەت بە بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد AI لە ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیای شێوێندراو.

– بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بە هەماهەنگی لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ڕێبەرێک بۆ خوێندەواریی ژیریی دەستکرد«AI) لە بواری ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێویندراو ئامادەبکەن، هەوڵبدەن لەناو پرۆگرامی خوێندندا جێی بکەنەوە

چ بەشێوەی کۆرس بێت یاخود لەڕێی ئەنجامدانی چالاکی زانستییەوە، ئەمەش لەپێناو برەودان بە لێهاتوویی و کارامەییەکانی دەرچووی بەشەکانی ڕاگەیاندن سەبارەت بە تەکنیکەکانی ژیریی دەستکرد لە بواری ڕۆژنامەنووسیی ومیدیادا.

– بەستانداردکردنی بەکارهێنانی کیبۆردلایئاوتی یەکگرتوو بۆ نووسینی هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوەکان لەلایەن دامەزراوە میدیاییە کوردییەکاندا، کە ئەمەش دەبێتە پاڵپشتییەکی باش بۆ ئەپلیکەیشنەکانی ژیریی دەستکرد، بۆ باشتر ناسینەوەی ساختەهەواڵ و ناوەڕۆکی میدیایی شێوێندراو.

## سەرچاوەکان

به ئینگلیزی:

- Allcott, H., Gentzkow, M., & Yu, C. 2019. Trends in the diffusion of misinformation on social media. Research & Politics, 6”2), 20-53.
- Bishop, C.M. Pattern Recognition and Machine Learning; Springer: Berlin/Heidelberg, Germany, 2006.
- Chollet, F. 2019. Deep Learning with Python. Manning Publications.
- DAN-LAURENȚIU CARDAȘ-RĂDUȚA, The Effectiveness and Limitations of Artificial Intelligence in Journalism, DOI: 10.2478/saec-2024-0009
- Han, H. J.; Mankad, S.; Gavirneni, N.; Verma, R. 2016. What guests really think of your hotel: Text analytics of online customer reviews. Cornell Hospitality report, 16”2), 3–17.
- Joel Paul, 2024, The Role of Ai in Combatting Misinformation and Fake Content,
- Jurafsky, D. Speech & Language Processing; Pearson Education India: Chennai, India, 2000.
- Kalsnes, B. 2018. Fake news. In Oxford Research Encyclopedia of Communication. https://doi.org/10.1093/acrefore/9780190228613.013.809
- Maialen Berrondo-Otermin and Antonio Sarasa-Cabezuelo, 2023, Application of Artificial Intelligence Techniques to Detect Fake News
- Nick Hajli, Usman Saeed, Mina Tajvidi, Farid Shirazi, 2021. “Social Bots and the Spread of Disinformation in Social Media: The Chal-

lenges of Artificial Intelligence", https://onlinelibrary.wiley.com/doi/abs/10.1111/1467-8551.12554

- Ozbay, Feyza Altunbey, and Bilal Alatas. 2020. "Fake news detection within online social media using supervised artificial intelligence algorithms." doi: https://doi.org/10.1016/j. physa.2019.123174.

- Pennycook, G., & Rand, D. G. "2021). The psychology of fake news. Trends in Cognitive Sciences, 25"5), 388-402

- Qiang He, Pengzhou Zhang & Huijie Qi, 2023, "Problem Solving and Algorithm Research of the Integration of News Media Gathering and Editing Based on Artificial Intelligence", https://link.springer.com/chapter/10.1007/978-981-19-7184-6_4

- Rampersad, G., & Althiyabi, T. 2020. Fake news: Acceptance by demographics and culture on social media. Journal of Information Technology & Politics, 17"1), 1-11.

- Young, T., D. Hazarika, S. Poria, and E. Cambria. 2018. "Recent trends in deep learning based natural language processing." *ieee Computational intelligenCe magazine* 13 "3): 55-75. doi:10.1109/MCI.2018.2840738.

- Mileva, Geri, Top 10 AI Tools for Journalists to Boost Writing Speed and Quality, 2025. https://influencermarketinghub.com/ai-tools-for-journalists/

- https://www.geeksforgeeks.org/what-is-an-ai-technique/18 /April/2024

-https://www.studysmarter.co.uk/explanations/media-studies/mass-media/media-content/

- Dana Abubakr Salh1, Rebwar Mala Nabi1 "2023). Kurdish Fake News Detection Based on Machine Learning Approaches. DOI: 10.24271/PSR.2023.380132.1226

### به کوردی:

– فەرەج، گەشاو عەلی؛ هادی، د. ئاشنا شەوکەت؛ حمد، ژاڵە جمیل «٢٠٢٤) ڕۆڵی ژیریی دەستکرد لە جیاکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ناڕاست لە کەناڵەکانی تەلەفزیۆن لە هەرێمی کوردستاندا. گۆڤاری توێژەر، زانکۆی سۆران

– حەمەسەعید، نەزاکەت حسێن «٢٠٢٢) میدیا و سۆشیال میدیا – کاریگەریی و چارەسەر، چاپی یەکەم،

–سەعید، ئاراس «٢٠٢٤) هەواڵی ساختە چییە و چۆن بیناسینەوە؟ ماڵپەری خەندان، https://www.xendan.org/detailwtar/٧٠٣١

– عەزیز، هەژار حەکیم «٢٠٢٢) موبایل جۆرناڵیزم، چاپی یەکەم.

– محمد، هیمداد عبدالقهار «٢٠٢٤) نجم، سەنگەر حسن، ژیریی دەستکرد بۆ مامۆستایان، چاپی یەکەم.

– چاوپێکەوتن لەڕۆژی یەک شەممە ٢-٣-٢٠٢٥، لەگەڵ د.هێمن فاتیح ابراهیم، زانکۆی تیشک، هەولێر.

– چاوپێکەوتن لە ڕۆژی شەممە ١-٣-٢٠٢٥٤، لەگەڵ م. سەنگەر یوسف ساڵح، زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر، بەڕێوەبەری پرۆژە لە ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی،

## ملخص

تسعى هذه الدراسة إلى استكشاف الحلول التكنولوجية لاكتشاف ومواجهة الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به في القنوات الفضائية الكردية، من خلال الاستخدام والتطبيق الفعال لتقنيات الذكاء الاصطناعي. يتمثل الهدف الأساسي لهذا البحث في فحص الجوانب الحرجة لتقنيات الذكاء الاصطناعي التي يمكن أن تلعب دورا فعالا في تحليل وتصنيف المحتوى، بالإضافة إلى تحديد الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به. في العصر المعاصر، أسهم التقدم السريع للتكنولوجيا والانتشار الواسع لمنصات وسائل التواصل الاجتماعي في جعل انتشار الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به تحديا عالميا ومحليا، له تأثيرات مباشرة وغير مباشرة على ديناميكيات السوق والأبعاد النفسية والاجتماعية للمستخدمين. تعتمد الدراسة الحالية على منهجية المقابلات المعمقة مع عينة قصدية من مديري أقسام الأخبار في القنوات الفضائية الكردية والصحفيين الذين شاركوا في دورات تدريبية حول الذكاء الاصطناعي، بالإضافة إلى الخبراء والمتخصصين في مجال تقنيات الذكاء الاصطناعي. يسعى البحث إلى تحديد وتحليل تلك الاستراتيجيات والتقنيات التي يمكن استخدامها كأدوات فعالة في اكتشاف وتصنيف الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي غير الدقيق. من أهم النتائج التي توصل إليها الباحثون أن غالبية القنوات الفضائية الكردية لا تعتمد على تقنيات الذكاء الاصطناعي لاكتشاف الأخبار المزيفة والمحتوى الإعلامي المتلاعب به. ويعزى ذلك إلى عدم توفر تطبيقات الذكاء الاصطناعي للغة الكردية.

الكلمات المفتاحية: الذكاء الاصطناعي, تقنيات الذكاء الاصطناعي، التعرف، الأخبار الكاذبة، المحتوى الإعلامي، محتوى إعلامي مشوه.

## Abstract

This study seeks to explore technological solutions for detecting and countering fake news and manipulated media content within Kurdish satellite channels, through the effective use and application of Artificial Intelligence “AI) techniques. The primary objective of this research is to examine the critical aspects of artificial intelligence techniques that can play an effective role in analyzing and categorizing content, as well as identifying fake news and manipulated media content. In the contemporary era, the rapid advancement of technology and the widespread adoption of social media platforms have contributed to making the dissemination of fake news and manipulated media content a global and domestic challenge, which has direct and indirect impacts on market dynamics and the psychological and social dimensions of users. The present study employs a methodology of in-depth interviews with a purposive sample of news department managers from Kurdish satellite channels and journalists who participated in artificial intelligence “AI) training courses, as well as with experts and specialists in the field of artificial intelligence techniques. The research endeavors to identify and analyze those strategies and techniques that can be utilized as effective tools in the detection and classification of fake news and inaccurate media content. Among the most significant findings reached by the researchers is that the majority of Kurdish satellite channels do not rely on artificial intelligence techniques for detecting fake news and manipulated media content. This is attributed to the unavailability of artificial intelligence applications for the Kurdish language.

Keywords: Artificial Intelligence, Artificial Intelligence Techniques, Recognition, Fake News, Media Content, Distorted Media Content